

# بۆ تۆ کە منداڵت لەدەست داوە

Spädbarnsfonden

## ناشتن

ناشتن بەزۆری وەک دەرفەتێکی باش بۆ ماڵاواییکردن چاوی لێ دەکرێت، نە تەنها بەس بۆ دایبابان و براوخوشکان، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە لە خێزانەکەوە نێزیکن. ئەو کاتە ئێوە دەتوانن پێکەوە هۆنراوەی منداڵان و سروودی ئایینی و هەڵبەست بخوێننەوە.

لەبیرت نەچێت کە دەتوانیت پێش لە گەیشتنی ساتی چاوەڕوانکراو، چەند جار چاوت بە منداڵەکەت بکەوێت. دەتوانیت ئەگەر بتەوێت جلەکانی لەبەر بکەیت و شتی بچکۆلەی یادگاری بخەیتە ناو تابووتەکەوە. بۆ برایەک یان خوشکێک دەتوانێت بەنرخ بێت کاتێک بهێڵرێت دیارییەکی کەسی یان نیگارێکی کێشراو بخاتە ناو تابووتەکەوە.

تۆ وەک دایبابێک دەتوانیت پێش لە ناشتنەکە خۆت زۆر لە شتەکان بکەیت، بەڵام ناچار نیت، کڵێسەی نەخۆشخانەکە و بنکەی ناشتن و خاکسپاری دەتوانن لە ئامادەکارییەکاندا یارمەتیت بدەن.

لەبیرت بێت کە خۆت بڕیاردەریت کە کێ ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە بەرێت یان ئەگەر ڕێوڕەسمەکە ئایینی بێت یان نائایینی.

## فۆندی ساوایان Spädbarnsfonden

فۆندی ساوایان (Spädbarnsfonden) ڕێکخراوێکی نابازرگانیی ناسیاسی و نائایینییە کە بە پاڵپشتی، زانیاری، پەروەردە و لێکۆڵینەوە کار دەکات. بنەمای ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن ئەو دایبابانەوە دارێژراوە کە خۆیان منداڵیان لەدەست داوە.

ئێمە لەبەر تۆ لێرەین. تۆ وەک ئەندام بانگهێشت دەکرێیت بۆ چاوپێکەوتن، وتووێژی بەکۆمەڵ، ڕێوڕەسمی بیرەوەری و وتارگێڕان. ئێمە هەروەها پشووی خێزانی کە پێی دەوترێت "ڕۆژانی هێمن" ڕێک دەخەین. ئەو کاتە دەتوانیت لەگەڵ کەسانی تر سەبارەت بە خەمەکەت بدوێیت.

## لێکۆڵینەوە و فۆندەکان

فۆندی ساوایان (Spädbarnsfonden) دوو جۆری هەیە، یەک فۆندی لێکۆڵینەوە (forskningsfond) و یەک فۆندی پاڵپشتی (stödfond):

فۆندی لێکۆڵینەوە هەموو ساڵێک بوودجی دراوی تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مەرگی ساوایان و چاودێری وئاگالێبوونی باشتر لەو کەسانەی کە منداڵیان لەدەست داوە.

یارمەتیی ماڵی بۆ فۆندی پاڵپشتییەکە دەچێت بۆ کاروباری پاڵپشتیی ئێمە کە وەک تەواوکەرێکە بۆ چاودێری و ئاگالێبوون.

*Sorani*

Spädbarnsfonden

www.spadbarnsfonden.se
kansliet@spadbarnsfonden.se

PG 90 02 12-2 BG 900-2122

90 KONTO SVENSK INSAMLINGS KONTROLL

## بۆ تۆ کە منداڵت لەدەست داوە

خەم جێی گەلێک هەستی جۆربەجۆری تێدا دەبێتەوە، هەر لە پووچیی تەواوەوە بگرە هەتا تووڕەیی و ڕق. هیچ هەستێک هەڵە نییە.

پرسیاری "بۆچی؟" بەزۆری دووپات دەبێتەوە. ئاخۆ چ مەبەستێکی تێدایە کاتێ کە منداڵێکی گچکە دەمرێت؟

مرۆڤ دەتوانێت بە گەلێک شێوەی جۆربەجۆر بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێت: لەڕێی چاودێریی نەخۆشییەوە، لەڕێی دینەکەیەوە، لەلای ئێمە لە فۆندی ساوایان (Spädbarnsfonden) ەوە، لەڕێی پێوەندی لەگەڵ خێزانانی تر کە لەو بوارەدا خاوەنی ئەزموونن. خۆت چۆن دەکەیت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ڕێک بە خۆت و بە خێزانەکەت هەستی دروست ببەخشێت.

ئێمە کە ئەم نامیلکەیە دەنووسین دایک و باوکانێکین کە ئێمەش منداڵمان لەدەست داوە. بەپێی ئەزموونەکانمان، وتووێژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی تر کە هەمان بارودۆخیان هەیە پاڵپشتییەکی بەنرخ دەبێت و لەو کۆستەدا یارمەتییەکی گەورەیە.



## کۆکردنەوەی بیرەوەرییەکان

کاتێ کە کۆرپەیەک دەمرێت گرنگە کە مرۆڤ وەک دایبابێک کاتی پێ بدرێت تا ماڵاوایی بکات. پەلەی ناوێت. هەر چەند کاتتان پێویستە وەری گرن. با منداڵەکەت لای خۆت بێت. گەر دەتەوێت، منداڵەکەت لە ئامێز بگرە. پێکەوە وێنە بگرن. چونکوو ئەگەر تەنانەت لەو ساتەدا هەست بە نامۆییش بکەیت، ئەو وێنانە دەتوانن ڕۆژێک لە ڕۆژان ببنە بیرەوەریی گرانبەها.

دەتوانیت جلی منداڵەکەت بکەیتە بەری. جێدەست و جێپێی بگرە، تاڵێک قژی بقرتێنە، هەروەها داوا لە خزم و هاوڕێ نزیکەکان بکە کە سەردانی خۆت و منداڵەکەت بکەن.

## ساتی یادەوەری

ئەگەر منداڵەکەت هێشتا ناوی بۆ دیاری نەکراوە یاکوو بەمردوویی لەدایک بووە، بۆنەیەکی ناونان دەبێتە ساتێکی جوان. تۆ و خێزانەکەت دەتوانن ئەو کاتە ناوی منداڵەکە بڵێنەوە، پێکەوە بچڕن، هۆنراوە بخوێننەوە و مۆسیقا لێ بدەن. هەروەها دەتوانرێت نزای خێر بۆ منداڵەکەت بکرێت.

## براوخوشکان

منداڵانیش پرسە دەگرن، بەڵام هەموو کاتێک وەک گەورەساڵان نییە. بەو پەڕی ویستەوە ڕێگە بدە کە لە کاتی ماڵاواییدا، براوخوشکانی منداڵەکەش لەگەڵتان بن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ساناتر بتوانن خەمی خێزانەکە دابەش بکەن.

هەڵسوکەوتی منداڵان بەزۆری لەڕێی یاری و پرسیاردەبێت. هەر لەبەر ئەوە هەوڵ بدە تا ئەو شوێنەی دەکرێت ڕاستەوخۆ و ڕووڕاست وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە.



بۆ برایەک یان خوشکێک لەدەستدانی برا یان خوشکێکی چکۆلەتر دەبێتە هۆی ناپارێزراوی. هەوڵ بدە لەڕێی پێکهێنانی ئاسوودەیی و پارێزراوی و پێکەوەبوونی زۆر دژی ئەوە ڕاوەستیت.

چۆن ژیان جارێکی تر باش دەبێتەوە،
چۆن هێزمان وەبەر بێنینەوە؟
ئێستایەک هەیە، بەڵام دواتر چی هەیە؟
هەرگیز ئەو شتەی کە هەمانبووە بۆمان نابێتەوە

## خێزان، خزم و هاوڕێیان

دەتوانێت بۆ کەسانی تر قورس بێت لەوە تێ بگەن کە چی بڵێن یان چ هەڵسوکەتێکیان هەبێت کاتێک بگەنە کەسێک کە منداڵی لەدەست داوە. هەر لەبەر ئەوە ڕاشکاو بە و بۆیان ڕوون بکەوە کە دەتەوێت چۆن هەڵسەکەوتت لەگەڵدا بکرێت. بەو پەڕی ویستەوە لەگەڵ خزم و هاوڕێیان سەبارەت بە بیر و هەستی خۆت قسە بکە.

دەوروبەرەکان، ڕەنگە هەندێک جار ڕاوبۆچوونیان هەبێت سەبارەت بەوەی کە ماوەی پرسەکە "دەبێت" چەندە بێت. ئەگەرڕووبەڕوویان بوویتەوە لەبیرت بێت کە ئەوە تەنیا ڕاوبۆچوونە و بەس. هیچ شتێکی ڕاست یان چەوت بوونی نییە. پرسە و ماتەمگێڕیی هەمووان وەک یەک نییە، هەموو کەسیش دەبێت بواری بدرێتێ کە بەپێی توانی خۆی ئەو کارە بکات.